


# تۆماری ئاوڕەنگ



**پێم وایە ناونیشانەکە پێویستی بە پێناسەکردن هەیە و ئاڵۆزم نەنووسیوە، تا پێویست بە شیکردنەوە بکات، زمانی نووسینی شێوەکاری نە زۆر باوە، نە زۆریش لەم بارەیەوە دەنووسرێت، رەنگە هەر کەسانی پسپۆڕ و پەیوەندیدار و هونەرمەندانی ئەم بووارە، یان شەیدایانی هونەری دیدەیی، ئەم جۆرە بابەتە بخوێننەوە. لە روانگەی ئەوەی بە پێویستی دەزانم نووسین بۆ هەموو کەسێك هاوکار بێت، تا بە دنیای هونەری شێوەکاری ئاشنا بێت، لە پاڵ ئەوەشدا نووسەر هەیە بە کوردییەکی فشەڵ، شاش و شێواو دەنووسێت، لە کاتێکدا زمانی کوردی بۆ خۆی زمانێکی روون و رەوان و کورتبڕە، ئەمە جگە لەوەی لە دارِشتنی زاراوەشدا نووسەرانی کەم ئەزموونە سەرچیغ دەڕۆن، بۆیە ئەم روونکردنەوەیە بە پێویست دەزانم.**

ئا/ تاریق کارێزی







عەرەب دەڵێ (الالوان المائیە) کە لە (Watercolor)ی زمانی ئینگلیزییەوە وەریان گرتووە، کورد هاتووە زاراوەکەی لە عەرەبییەوە وەرگرتووە و کردوویەتی بە (رەنگی ئاوی)، ئەم زاراوەیە هەڵەیە، هۆی هەڵەکەش ئەوەیە کە لە زمانی عەرەبی و بە گوێرەی دەستووری ئەو زمانە زاراوەکە کراوەتە کوردی، لە حاڵەتێکدا زمانی کوردی لە خێزانی زمانی هیندۆ ئەوروپییە، لە زمانی ئینگلیزییەوە نزیکترە تا زمانی عەرەبی، بۆیە زاراوەکە بە دروستی ئەوەیە کە بڵێین (ئاوڕەنگ)، ئەم زاراوەیە بە کوردی و ئینگلیزی هەر یەك بڕگەیە، بەڵام بە عەرەبی دوو بڕگەیە.

ئەحمەد حەسەن نیگارکێشێکی کوردستانە، بە زۆری تابلۆ بە ئاوڕەنگ دروست دەکات، بەرهەمەکانی ئەویش دەروازەی قسەکانی پێشووی بۆ کردینەوە، ئەم هونەرمەندە لە پاش ئەزموونێکی چڕوپڕی بەرهەم لە کوردستان، لە کەرکووکەوە بەرەو هەندەران کۆچی کردووە و لەوێش درێژەی بە هونەرەکەی و کارکردن بە ئاوڕەنگ داوە.

کارکردن بە ئاوڕەنگ لە روانگەی هونەرمەندانی شێوەکارەوە تارادەیەك سەختە، سەختییەکەشی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەم جۆرە رەنگە تەنیا یەك جار بوار بە نیگارکێش دەدات تا فڵچە بە رووی تابلۆدا بکێشێت، هونەرمەند تەنیا جارێك دەتوانێت فڵچە بە تەختایی رووبەری تابلۆدا بهێنێت، ئەگەر دووبارەی کردەوە، واتە بۆ جاری دووەم فڵچەی بە هەمان شوێن و رووبەردا هێنایەوە، ئەوا تابلۆکەی دەشێوێت. بە پێچەوانەی رۆنڕەنگ کە بە هەڵەی ناویان ناوە (رەنگی رۆنی)، کە ئازادییەکی زۆر بە نیگارکێش دەدات، تا ئەوەی دەیانجار فڵچە بە یەك شوێندا بهێنێت، بە بێ ئەوەی ترسی لە شێوانی رەنگ و فۆرم هەبێت.

ئەحمەد حەسەن ئاوڕەنگی کردۆتە ئامرازی دەستی بۆ بەرجەستەکردنی زمانی دیدەیی، تێیدا سرووشتی وڵات و شوێنەواری مێژوویی شارەکانی کوردستان، لە پاڵ پۆرترێتی کەسانی ناودار، یان جێ سەرنجی خۆی دەخاتە روو. شێوازی کارکردنی ئەو بە ئاراستەی تۆمارکردنی تۆپۆگرافیای شارستانی و رواڵەت و دیاردەکانی سرووشتە. ئەمەش رچەیەکی گرنگە بۆ پێکەوەنانی ئەرشیف و گوتارێکی جوانی دیدەیی، لەگەڵ تێپەڕ بوونی رۆژگاردا ئەم تابلۆیانە وەك بەڵگەمانەی ستاتیکی جێی خۆیان لە ئەرشیفی نیشتیماندا دەگرن، نەخاسمە هەموو رواڵەتێکی ئەم جیهانە (سرووشت یان شارستانی) دەکەوێتە بەر تەشوێ و زەبری زەمان و کەش و دەرەنجامیش گۆڕانی بەسەردا دێت.

پەیوەست بە تەکنیکی ئەم هونەرمەندە، پێم وایە کارێکی چاکی کردووە کە ریالیزمییانە و ئەکادیمیانە نیگار دەکێشێت، ئەمەش پەیوەستە بەو رواڵەتانەی دەبنە بابەتی تابلۆکانی. ئەو شەیدای سرووشت و رواڵەتەکانی شارستانییەتی وڵاتی خۆیەتی، بێ لە رچەی ریالیزمی ئەکادیمی، رچەیەکی دیکە نییە کە خزمەت بە ئامانجی هونەری و ستاتیکاییانەی ئەو بکات. ئەو لە بڕیار و پەیوەست بوونی بەم رچەیە، گرەوی هونەری بردووەتەوە. لە رووی تەکنیکی کارکردنەوە، ئەم هونەرمەندە بە شێوازی جۆراوجۆر بابەتی تابلۆکانی دیاری دەکات، هێندەی سەرنجی بەرهەمی ئەوم داوە، جاری وا هەیە راستەوخۆ لە شوێن و ژینگەوە تابلۆی دروست کردووە، جاری واش هەیە وێنەیەکی فۆتۆگراف سەرچاوەی تابلۆکەی بووە، دوور نییە هەندێك جاریش تابلۆی هونەرمەندی دیکەی کردبێتە سەرچاوەی سرووش و تابلۆی لەبەر دارشتبێتەوە. ئەوەی بۆ ئێمەی بینەر زیاتر جێی سەرنج و تێرامانە، شێوازی خستنە رووی تابلۆیە، چونکە بینەری تابلۆی ئەم هونەرمەندە راستەوخۆ بە ئەندێشەدا دەچێت، زیرەکانە رەنگ بەکار دەهێنێت، فیگەر بەرجەستە و جوان دەخاتە روو، کۆ بە کۆی گوتارەکەی روون و رەوانە، زۆر کارامە ئاوڕەنگ بەکار دەهێنێت و هەموو ئەم شتانەش وەك رەگەزی پتەوی گوتاری ستاتیکاییانەی ئەم هونەرمەندە هەژمار دەکرێن.



## کریستین:
# مرۆڤ بەلەخۆباییبوون وێران دەبێت

کچە ئەکتەری لاوی ئەمریکی کریستین ستیوارت دەڵێت: «زۆر وریای خۆمم بۆ ئەوەی نەکەومە هەڵەوە و ناوبانگ کارم تێ نەکات و نەبێتە هۆی لەخۆباییبوونم، هەروەها ئەو ناوبانگەی ئێستا هەمە، وای لێکردووم زیاتر ئاگام لە خۆم بێت و لەخۆبایی نەبم، وەك ئەوەی بەشێکی زۆر لە ئەکتەر و گۆرانیبێژەکان کەوتوونەتە داوی لەخۆبایی بوون و دواتر هەر خۆیان زەرەریان کردووە و ناوبانگی خۆیشیان لەکەدار کردووە.
کریستین هەروەها دەڵێ: «لەسەر ئێمە پێویستە ئەو ئەکتەرە گەورانە بکەینە نموونەیەکی باش کە لە ژیانی خۆیاندا سەرکەوتوو بوون و هیچ رۆژێك کەسێك نەیزانیوە، یان هەستی بەوە نەکردووە کە لەخۆبایی بووبن، بۆ نموونە: من لەم رووەوە زۆر سەرسامم بە جودی فۆستەر و وەك نموونەیەکە بۆ من و زۆر شتی لێوە فێربووم، بۆیە ئەو باشترین کەس بووە کە کاری سینەمایی کردبێت و سەرنجی بینەری بۆ خۆی راکێشابێت».
کریستین ئەوەشی نەشاردەوە کە هەڵسوکەوتی زۆر لە هەڵسوکەوتی پیاوانەوە نزیکە، ئەویش لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ دووبرایدا گەورە بووە و لەگەڵ هاورێ کورەکانیشی زۆر یاریی بیسبۆڵی کردووە.



## جنیڤەر:
# خۆشەویستی ئاستەنگ و گرفتی زۆرە

خانمە ئەکتەری ئەمریکی جێنڤەر ئەنیستۆنی پێی وایە کە پەیوەندییە خۆشەویستییەکانی ئەم سەردەمە، پڕن لە گیروگرفتی جیاجیا، کە زۆر جار چارەسەر ناکرێن.
زۆر لە چاودێران پێیان وایە کە جنیڤەر ئەنیستۆن یەکێکە لەو ئەکتەرانەی کە لە پێوەندییە خۆشەویستییەکاندا چانسیان نییە، بەتایبەتی دوای جیابوونەوەی لە براد بێت، چونکە بە چەندین پەیوەندیی خۆشەویستیی دیکەدا تێپەڕیوە، بەڵام لە هیچیاندا سەرکەوتوو نەبووە، هەرچەندە ئێستا لەگەڵ جاستن تیرۆ. لە پەیوەندییەکی گەرموگوڕدایە.
لەو بارەیەوە ئەنیستۆن دەڵێت: «مرۆڤ فشارێکی زۆری لەسەر دروست دەبێت کاتێك دەکەوێتە نێو پێوەندییەکی خۆشەویستییەوە، بۆیە من پێم وایە کە رۆڵی ئافرەت لە خۆشەویستی و ژیانی هاوسەرێتیدا گۆڕدراوە و پێویستە هاوسەرێك بدۆزنەوە کە لەگەڵیدا بگونجێن، چونکە لەوانەیە زۆر ئاسان بێت خۆشەویستێك بدۆزیتەوە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، دەردەکەوێت کە بەردەوامبوون لەسەر خۆشەویستی کارێکی چەند قورس و سەختە و، دەبێ پێشبینیی هەموو شتێکی نوێ و چاوەڕوان نەکراو بکەیت».

# روان ستۆرم: هونەری رۆژهەڵاتی هەمیشە زیندوویی پێوە دیارە

روان ستۆرم یەکێکە لە دەفژەنە بەناوبانگەکانی جیهان و دانیشتووی ئەمریکایە، ماوەی ٢٥ ساڵە وەك هونەرمەندێك کاری هونەری دەکات، بەتایبەت ژەنینی ئامێرە میۆزیکییە رۆژهەڵاتییەکان و داهێنانی زۆریشی لەو بوارەدا کردووە.

لە چاوپێکەوتنێکیدا دەربارەی ئامێرە میۆزیکییە رۆژهەڵاتییەکان، باس لە ئامێری دەف دەکات و دەڵێت: «ئامێرە موزیکییە رۆژهەڵاتییەکان بە گشتی تاموچێژێکی تایبەت بە میۆزیك و هونەر دەبەخشن، بەجۆرێك مرۆڤ ئەگەر بە وردی بچێتە ناخی ئەم ئامێرانە و ئەو دەنگەی کە هەیانە، هەست دەکات رووەو رۆحی میۆزیك هەنگاو دەنێ، بۆیە هەمیشە هەوڵمداوە بە گوێرەی توانای خۆم، کار لەسەر ئەم ئامێرانە بکەم و لە میۆزیك و هونەر و لە نێو جەماوەری رۆژئاواشدا زیندوویان بکەمە».

سەبارەت بە دەف، روان پێناسەیەکی تایبەتی هەیە و دەڵێ: «بەگشتی هونەری رۆژهەڵاتی زیندوویی پێوە دیارە، بەتایبەتی دەف کە یەکێکە لەو ئامێرانەی کە من خولیایم و حەز دەکەم بەردەوام شتی نوێی لێ فێر ببم و پێشکەشی گوێگری میۆزیکی بکەم، چونکە لە مووزیکی رۆژهەڵاتیدا جێی دیارە و تامێکی تایبەت بە میۆزیك دەبەخشێت، هەر بۆیە زۆر حەز دەکەم سەردانی رۆژهەڵاتی کوردستان بکەم و کۆنسێرتێکی تایبەت پێشکەش بکەم، چونکە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان تامەزرۆی میۆزیکن، بەتایبەتی بیستوومە کە شارەزاییەکی زۆریشیان لە ژەنینی دەف هەیە و بەشێکی زیندووە لە هونەرەکەیان، هیوادارم ئەو ئاواتەم بێتە دی.






# ڕێوڕەسمی پێشکەشکردنی کتێبەکەم (ئەو ساڵەی بێژەری دەنگی کوردستان بووم)

ڕۆژی پینجشەمەی ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١٧ لە گۆڕەپانی مۆزەخانەی ئەمنەسوورەکەی سلێمانی ڕێوڕەسمی پێشکەشکردنی کتێبەکەم بوو.
ئەم کتێبە لە نووسینی خۆم (حەمەڕەشید هەرەس) و دەزگای گوڵانی خۆشەویست بە دڵسۆزییەوە ئەرکی چاپکردنی لە ئەستۆ گرت، کە دیزانێکی جوان و شێوەیەکی گونجاویشی پێ بەخشیوە.
ڕێورەسمەکە لە لایەن کاك سەربەست مەنمی سەرۆکی دامەزراوی (دیالۆگی کورد) بەرنامەڕێژیی بۆ کرا بوو، کە بە سەرپەرشتیی ئامانج عەبدوڵڵا سوور بەڕێوەبەری کەناڵی تەلەفزیۆنی سلێمانی، لە سەرەتاوە تا کۆتایی پەخشی ڕاستەوخۆیان کرد، جگە لە کەناڵی ناوخۆیی سلێمانی و کوردستان تی ڤی-یش کە بەشی خۆی پڕ کردەوە، پەیامنێری چەند گۆڤارێکیش لێدوانیان لێ وەرگرتم.

سەرەتا کاك ئامانج عەبدوڵڵا سوور بەڕێوەبەری کەناڵی تەلەفزیۆنی سلێمانی وتەیەکی تێروپڕی پێشکەش بە میوانەکان کرد، ئینجا کاك سەربەست مەنمی بە تانوپۆی کتێبەکەدا هاتە خوارەوە، ئەوەی لای من زۆر گرنگ بوو گوتی: ئەمە یەکەم بیرەوەریی شۆڕشە کە نووسەر بە گیانێکی کوردانەوە تۆماری کردووە،
پاشان برای بەڕێز د.سالار عوسمان بریکاری وەزیری ڕۆشنبیری وتەیەکی زۆر بەپێزی دەربارەی کتێبەکە و نووسەرەکەی پێشکەش کرد، د.سالار خۆیشی نووسەری کتێبێکە لە سەر دەنگی کوردستان، کە بە ئەزموونەوە وتە جوانەکانی پیادە دەکرد، بە ڕاستی بۆ من بە تایبەتی و بۆ میوانەکانیش بەگشتی جێگای دڵخۆشی بوو، ئەوەیە کەسی شیاو لە پێگەی شیاودا، لێرەوە ڕێزی زۆرم بۆ ئەم





حەمە ڕەشید هەرەس

کەسایەتییە جوانە هەیە.
ئینجا ڕێورەسمەکە بە پێشکەشکردنی وتەیەکی خۆم و بە پێشکەشکردنی کتێبەکە بە میوانە خۆشەویستەکان کۆتایی هات.
ئەوەی ماوەتەوە و بەلامەوە گرنگە باسی بکەم، ڕۆڵی بەرچاوی کاك (فەرهاد محەمەد) سەرنووسەری گۆڤار گوڵانی خۆشەویستە، چونکە ئەگەر ئەو بەڕێزە نەبوایە ئەم کتێبە ئاوا بە جوانی نەدەچووە کتێبخانەی کوردەوە، دەستی دڵسۆزییان دەگوشم، هەروەها کاك خەلیل بلەیی و کاك شاخەوان کە ئەوانیش ئەرکی زۆریان کێشا و ماندوو بوون.
سوپاسی زۆریشم بۆ عەمید (بەختیار باراوی) بەڕێز کە دڵسۆزانە بە دوای دەرچوونی ئەم کتێبەوە بوو.
بژی کورد، بژی کوردستان.

